-

## دادوەرانی داد گایی کرد نی "سەدام حوسە ین " کێن !؟

### ( رایەکی درەنگ وەخت )

**حاکم قوباد**

رۆژ لە دوای رۆژ ســــــاتە وەختی دادگایی کردنی سەدام حوسەین و رەفیقەکانی نزیک دەبێتەوە . سەرجەم میدیاکانی کوردی و عیراقی و بیانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە ئیدی رۆژی دەسپێکی دادگـــــــایی کردی ئەوان رۆژی ( 19 ) ی ئۆکتۆبەرە و تا بە ئەنجامیش دەگات درێژەی دەبێت . ئەو نۆزدەی ئۆکتۆبەرەش لە وە ناچێ دوا بخرێت !

مشت و مرو کۆبونەوەو مێزگردو نوسین و گوتارێکی زۆر بۆ ئەوە کران و نووسران کە داخوا کامیان لە بارتروو چێترە ، ئایا ئەوان تۆمەتبارانە لە دادگایەکی نیشتمـــانی خۆماڵیدا بخرێنە قەفەسی تۆمـــەتەوە یان لەبەر دەم دادگایەکی نێودەوڵـــەتی دا لێکـــــــــۆڵینـەوەی سەرەتایی قەزایی پاشان دادگایی بکرێن . ئایا لەبەر رۆشنایی قانونی سزادانی عیراقیدا ، تۆمەتیان ئاراستە بکرێت یان روو بەرووی یاسایەکی نێودەولەتی بکرێنەوە !؟

ئێمە وەک یاساناسێک پێمـــــــــان باش بوو کە صدام و ( صحابە ) کانی لە دادگایەکی تایبەتی نێـــــــــــودەوڵتیدا و لە لایەن کۆمەڵێ دادوەری بێ لایەن و دوورە پەرێز لە روداوە دڵتەزێنەکانی کوردستان و عیراقدا ، دادگـــــــایی بکرێن نەک لە نێو دادگایەکی عیراقیدا ، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو دادوەرانەی خۆیان بۆ دادگاییەکە پاڵاوتووە ، لە کاریگەری چاک یا خراپی سەرجەم رووداوو بەسەرهاتەکانی حوکمی 30 ساڵەی ئەوان سەرانە بەدەر نین من وای بۆ دەچم ، دادوەرە پاڵێوراوەکان یا ( خۆ پاڵا وتەکان ) بە سەر سێ گرووپـــــی جیا جیادا دابەش دەبن :

1- ئەم گرووپەیان ئەو دادوەرانە دەگـــــرێتەوە ، کە هەر لە یەکـــــــــــم رۆژی وەرگرتنی بڕوانامەی بکلۆریۆس لە قانوونا ، بۆ تەنیا رۆژێک ، سعاتێک ، تەنانەت دەقیقەیەکیش ،

لە هیچ دادگایەکی لێکۆڵینەوە یان دادگایەکی جنائیدا ، کاریان نەکردووە و لەو بوارەدا بەقەد نووکی دەرزی شارەزاییان نیەو خەڵکانێکی دەست و پێ سپین . ئەم دەستەیـــــــە زۆر دەست کورتن لە رووی زانیاری یاساییەوە چ وەک تیور چ وەک کاری مەیدانی . دیارە لە دادگایی کردنی سەرانی رژێم و هاوبیرانی ، کە رەنگە راستەوخۆ نیشان بدرێت ، دادوەری لێهاتووی پسپۆرو خاوەن ئەزمونی گەرەکە

2- گرووپی دووەم ئەو دادوەرە بەرێزانەن هەر لە یەکەم رۆژی حوکم کـــــــــــــــــــــردنی بەعسیەکان ، خاوەن هەڵوێستی جـــــــــوامێرانەی خۆیان بوون و راوەدو نران و لێرەو لەوێش چاویان لێ سوور کرایەوەو تووشی گوێ راکێشانیش بوون تەنانەت خزانە کونجی زیندانیشەوە . دوای راپەرینیش هەر ئەم دەستەیە سور تر و غورد تر لە جاران و بە عالەمی ئاشکرا درێژەیان بە خەباتی خۆیان دەا و تا گەیشتە ئەوە چەند کتێبێکی دانسقە کە پەردە لە رووی رژێمی پێشوو هەڵـــــــــــــــــدەماڵێ لەلایەن ئەو دەستەیەوە نووسران و کەوتنە بازارەوە . بەشێک لەو کتێبانە بە کۆمەڵێ دیکۆمێنتی باوەڕ پێکراو زیندووەوە کەوتنە بەر دەست کە هیچ گومانێک لە مەڕ بەکۆمـــــــــەڵ کوشتن و قەتلـــــــــــــــوعامی خەڵکی بێ دیفاعا ناهێڵێتەوە کە ئەم تەرزە کتێبانە خۆیان بەڵگەیەکی بەهێزی ماددین بۆ ئیدانە کردن و تەجریم کردنی ئەوان تۆمەتباران . دەپرسین ئایا دادوەرێک بە کتێبێکی زانستیانەی پڕاو پڕ لە دیکۆمێنت کە تەنانەت مەودای داکۆکی کردن - کە مافێکی مقدسە -، بۆ تۆمەتباران ناهێڵێتەوە , ئایـــــــــا لەرووی یاساییەوە هیچ شەرعیەتێک بۆ ئەو دادوەرە بەرێزە لە گۆڕێدا دەمێنێتەوە کە دەرگەی دادگای دادگایی کردنی سەرانی رژێمی بۆ بخاتە سەر گازەرەی پشت !؟؟

3- گروپی سێیم ، کە بـــــــــــــەلای منەوە خەتەرناکترین گروپە ، ئەم گرووپە کت و مت پێچەوانەی گرووپی دووەمە . لەو رۆژەوەی سەدام و صحابەکانی چونەتە ســــــــەرکار ، ئەم گرووپە بوون بە زوڕناژەنی رژێـــــــــم و بە درێژایی حوکمی جینۆسایدی ئەوان تا نوسینی ئەم گوتارەش ، بۆ دەرمانی دەردان ، بە بچوکترین ووشەو تـــــــــــەنانەت لە دڵی خۆشیانا جگە لە مەدح و سەنا شتێکی تریان ، خوانەکردە ، دژی ئەوان بە ســــــەر زمانا نەهاتووە . لەنێو ئەو گـــــــــــــرووپەدا هەبووەو هەیە پێی وابووە صدام حوسەین رزگارکەری ئوممەتی محمدە لە دەستی کافرە ئەمریکی و بەریتانی و ئۆروپییەکان

ئەم گروپە تا دەسپێکردنی پرۆسەی ئازادی عیراق و دوای رووخانی سەدامیش ، ژێر بە ژێر فرمێسکی بۆ دەرشتن و خۆیان لە کونجێکدا گۆشەگیر کردبوو . کە هەواڵی کوشتنی هەر سەربازێکی هاوپەیمانانیان پێ دەگەیی لە خۆشیا ئەکەوتنە هەڵەکـــــــــەسەما . هەر ئەوەندە نا یەکێک لەو داوەرانی ئەم گرووپە بە ئاشکراو لەبەر دەمــــــــــی هاورێکانی گوتبووی :

صدام حوسەین موجاهدە !!

ئەگەر صدام و کورەکانی شەڕ بکەن و شەهید بن ، دەبن بە بطلی عروبة و اسلام ؟؟!!

ئەوان گرووپە  کە گویٚ بیستی هەر کاریٚکی تیرۆستی دەبوون ، دەیان گوت :  سالٚیٚ نابا بەعسیەکان دەگەریٚنەوە !؟
کەواتە ئەم گروپەش نەک هەر بیٚ لایەن دەبن بەلٚکوو ئەگەر دەسەلاٚتیان هەبیٚ بەلای سەرانی رژیٚما دایئەشکیٚن !

درەنگە .... بەلاٚم هیٚشتا بۆ 19  ئوکتۆبەر مەودایەک لەبەردەم هەرســـــــیٚ وەزارەتی دادی سلیٚمـــــــــــــانی و هەولیٚروو بەغدا ماوە کە تیایدا چاویٚک بە دادوەرە پالیٚوراوەکان بخشیٚننەوە ، تا دادوەرانی ئەو سیٚ گـــــــــــرووپە بە دادوەری لیٚ هاتو و بیٚ لایەن ئالوو گۆرِ بکەن ، خۆ ئەگەر پیٚشیان وایە دادوەری بیٚ لایەن لە خاکی کوردستان و عیراقـــــــــــدا دەست ناکەویٚ ( کە بەلای منەوە وایە ) ئەوا واچاکە دادگایی کردنەکە دوا بخریٚت و بیر لە دادگایەکی نیٚو دەولەتی بکریٚتەوە ..!!